www.kurdistannet.org
22-7-02 18:18:54

# بەهەشتی زیندان.!!

**لەسویدەوە، شێرزاد هەینی، دەینوسێت.**
heinisherzad@hotmail.com

## ناوەکان چۆن لەبەر دەکرێت..!!

بیست ساڵ دەبێ، زۆرترە کەمتر نیە، لەناو هۆلێکی کۆلیژی زانستیەکانی جارانی بەغدا لە کۆرنیش، ئێمە چەند خوێندکارێکی هاورێ خوێندکارە کوردەکانی ئەم کولیژە بۆ ئاهەنگی یەکترناسینیان داوەتکرابوین، لەم ئاهەنگەدا بڕگەیەکی کوردییان بە خوێندکارەکانی خۆیان دابوو، ئەوانیش چالاکانەو وریایانە بەرنامەیەکی کوردی جوانیان ئامادەکردبوو، کوردانەو زیرەکانەو ڕەنگینانە کارەکەیان ببوە جێگای سەرنجی خوێندکارە عەرەبە عیراقییەکان و سودانییەکان و سورییەکان و فەلەستینەکان و..... لەوێ چالاکی کیژێك سەرنجی ڕاکێشام، یەکەم جارو دواجار بینیم، لەناوی کیژەکەم پرسی، وتی ناوم(هێدی)یە، ناوەکە چووە ناومێشکم و لەو ڕۆژەوە تا ئیمرۆ لەبیرم ناچێتەوە..!!

تازە مێرمناڵبووم، لەنزیك ڕادیۆیەکەبووم، خێزانێکی گەورە، چەند ژن و پیاو و کیژۆلەش، گۆرانی داواکراو هەموویانی لە ڕادیۆکە کۆکردبۆوە، وەك هەموو بەرنامەیەك نۆرەی محمد عارف جەزراوی تەواوبوو، هاتە سەر حسن زیرەك، دەنگیان بەرزترکرد، بەو دەنگە بەسۆزەیەوە دەیووت:

بیستومە شەکراوت دەخورێ لەسەر دڵم بویتە گرێ..!!

منیش وتم:

من سەرم لەوە دەرناچی شەکراو چۆن دەبێتە گرێ، شەکراو نەرم و خۆشە، نەرم نەرم، لەگەروو شۆردەبێتەوە، هەست ناکەیت دەتاوێتەوە..!!

یەکێك لەو کیژانەی لەمن گەورەتربوو، ناوی (ژیان) بوو هاتە وەڵام:

ئەو شەکراوەی ئەو مەبەستیەتی، شەکراوی مێردکردن و خەنەبەندانیەتی، ئەو کیژەی لەو دادەبرێت، تازە دەبێتە نەسیبی یەکێکی تر، بۆیە ئەو شەکراوە بۆ ئەو دەبێتە گرێ و ناچێتە خوارەوەو بەئاسانی ئاودیونابێت، شەکراوەکە تاڵە، شەکراوەکە بەراستی گرێیە..!! جوانی تێگەیاندم، تا ئیمرۆش، پاش ئەو سی ساڵە، ناوی ئەم لەبیرماوەو هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە..!!

گوندێك یەکجار نانت لێخواردبێ، ناوەکەی لەبیرو هزرو بیرەوەریەکانت تۆماردەبن و هەرگیز لەبیرناچێت..!!

ــ من ناوی ژن و پیاوەکانیان لەیەکتری جیاناکەمەوە..؟؟!

ــ من تا ئیمرۆش چەند ناوی بە نازناوەوەم لەبەرنیە..!!

ــ ناوەکانیان هەموو بەیەك دەچێت ؟؟!!

ڕۆژانە بەیەکەوە لەیەك بازنەو لەدەوری یەك مێزو یەك پۆلدا، کاردەکەین، چەند جارێ ناوەکانیان دەخوێندرێتەوە، دەنوسرێت، من ناتوانم ئەزبەریان بکەم..!! ئەوە ئەوانەم لەبەرکرد، ئەدی ناوی گوندەکان، کۆڵانەکان، ناوی نوسەرەکانیان، ناوی ناودارەکانیان ئەوانەی پرۆپاگەندەی تلفزیۆنی دەکەن، بێگومان ئەوانەش کەسی ناسراون، ئەوان یان ئەکتەرن، نوسەرەن، یان سیاسەتمەدار...!!

ــ سیاسەتمەدار !!

ــ بەڵێ، ئەوە گورباتشۆف، ئەوەی یەك لادیواری گەورەو پان و سوورو گرداری بەشانی خۆی هەڵگرت، وا پرۆپاگەندەی خواردنی بەتامی پیزای ئیتالی ناکات..!!

ئەو هەموو ناوانە چۆن لەبەر دەکرێت، چۆن هەموو فێر دەبین، تازە بۆ ئێمە زەحمەتە..!!

ئەو بەهەشتە جوانە هەزارەها گۆمی شینی ئاوی خاوێنی تێدایەو هەمووش ناویان هەیە. هەموو ناوەکانیش لەسەر نەخشە هەن..!! ولاتێك یەك رووبەرە دارو گەلاو چیمەن بێت..!! هەمووش ناویان هەیەو لە مێژییەشە نەسوتاون..!!

چەندین پاشاو دەستەلاٌتدارو قەشە ولاتیان گەیاندە ئیمرۆ، هەموو تەنیا ناوەکانیان بەختی ئێمە مــــــاوە، پاشاکانیان تەنیا کۆشکەکانیان مــــاوون. هەر ناوەکانیان مــــاوون..!! رۆژنامەکان دەنووسن کیژە چاو ئەستێرەکەی زوو زوو کوڕێك دەگۆرێت و ناوی کوڕەکە لە هەموو رۆژنامەکان و کەناڵەکان سەدبارە دەکرێتەوە، بەدرۆو بەراست..!! ناوی ئەوانیشی دێتەسەر..!!

ئەو هەموو ناوە بەو ماوە کورتە، لەگەڵ یادی کارەبای ولات و خەمی مووچەی خانەنشینەکان و حسرەتی خالی{ پیرەر} و ئاهەنگی تایبەتی گۆرانی{ تەنیا بۆ ئافرەتان}، واتە پیاو بۆیان نییە بێنە ئەو ئاهەنگە..!!!؟؟ بەو هەموو بهاراتە خەمانەی ئێرەش ئەو هەموو ناوە تازە چۆن بە ئێمە لەبەر دەکرێت.

هەموو رۆژێك لە رۆژمێرەکان نوسراوە، هەموو رۆژێ وەك نەریت و کەلتوورو پاشماوەی ئاینیان دوو ناوە هەیە، لەبەرامبەر رۆژەکەی ناو رۆژمێرەکە دوو ناو تۆمارە، واتە حەوت سەد ناوی تۆماری ناو رۆژمێریان هەیە، ئەدی ئەو ناوانەی لە پاش ئەو نەریتە هاتوون، ئەدی ئاوێتەی ئەوان بەچەندین ولات و نەتەوەو خاك و....

سەد ناوی رووبار هەیە..!! چەند جۆرە ناوو شێوەی قارچکی بەسوودو ژەهراوی، گوڵ و باڵندە، ناوی تیپەکانی ستران و مزیك..!! ئەدی سکرتێری حزبەکانیان کە زوو زوو بە هەڵبژاردن دەگۆرێن، کۆنەکان بەیەکجاری و خێرا ناوەکەی دەفرێت، چەند باش بوو چەندین ساڵ مابانەوە، یان تا مردن.... یان.. ئەو هەموو ناوە زۆر زەحمەتە لەبەربکرێت..

www.kurdistannet.org